کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-7-2007 13:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەمشەو تەزوو میوانمە ... سەرگوڵ عە زیزی**

ئەمشەو شەوێکی زۆر تایبەتییە
کات ژمێرەکان هەموو جیاوازن
وەک کاتەکانی شەوی تر نییە
چرکە بە چرکەی، نامۆن و شازن
ئای کە بێزارم لەم کاتژمێرە
وا هەراسانم ئارام ناگرم
ئەمشەو هەر تەزوو میوانە لێرە
گەرم داهاتووم دڵێی ئاگرم
هەر چرکەیەکی ڕۆح دەهەژێنێ
بە پێچەوانەی کاتژمێری ڕۆژ
هەموو ساتێکی ئازارێک دێنێ
ئاسوودەیی لە دڵم ئەستێنێ
هەموو خواستێکم، ئەمشەو ئەوەیە
چرکە بە چرکەی وەها ڕاگرم
کاروانی هەرچی خۆزگە و ئۆخەیە
گشت بارەکانیان بۆ خۆم داگرم
کاتێ ڕووت کردە دەروازەی دڵم
وەک دەفتەر سینەم بۆی کرایەوە
هەر چەند دوور بە دوور، بۆم دەدوایت عەزیزەکەم
هەستت لە ناخما ئەنووسرایەوە
ئەمشەو پەشێوی لە هەناومایە
بە وشەکانت، تواومەتەوە
وشەی وڵاتی بەفر و سەرمایە
بۆ من ئاگرە و کراوەتەوە
چ هاورازێکی، وروژێنەرن
وشە و هۆنراوەی، تەزووداری تۆ
چ کانیاوێکی، خەفەت لابەرن
گفت و گۆی سۆزی، دوور هەواری تۆ
وشەکانی تۆ، دینە ناخمەوە
هەموو هەر بۆنی خۆتیان لێوە دێ
دەیهێننە دی حەزی گەش گەشم
ئینجا ئارامی بۆ ناخم ئەچێ

25 .03 .2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.